## بەفڕۆکەی گەشتەکانی دوکان ئێر:

## لەماڵی ئۆپەرای کۆڵنی ئەڵمانیاوە بۆ کۆشکی هونەر لەسلێمانی

*بۆیەکەمین جار لەسەر ئاستی عێراق وناوچەکە لەپایتەختی ڕۆشنبیری شاکارێکی ئۆپەرای جیهانی پێشکەش دەکرێت.
*لەم نمایشەدا هونەرمەندانی ٩ وڵات بەکوردستانیشەوە بەشداری تیادەکەن.
*هونەرمەندی داهێنەری کورد ئیحسان عوسمان پاڵەوانی ئۆپەراکەیە.
*ئۆپەراکە پەیامی دابەشکردنی کوردستان و زەمەنی دیکتاتۆری و کرانەوەو دیموکراسی دوای سەدام حسێن دەگەیەنێ.



شەهاب عوسمان/ئەڵمانیا:
ئۆپەرای کۆڵن و ئۆرکسترای ئەڵمانی گەیشتنە شاری سلێمانی بەبەشداری چەندین هونەرمەندی جیهانی لەناویاندا هونەرمەندێکی کورد شاکارێک لە داهێنان پێشکەش دەکەن.
لە چالاکیەکی بێ وێنەدا تیپی جیهانی ئۆپێراو ئۆرکسترای کۆڵن کە هونەرمەندانی ٩ دەوڵەت بەکوردستانیشەوە تیابەشدارن و گەیشتنە سلێمانی و وابڕیارە ڕۆژانی ٥-٦/٣/٢٠١١ لەکۆشکی هونەر (ڕفاندنی کچێک لەکۆشکی میر) ئاوێتە بەمۆزیکی مۆزارت نمایش بکەن.
*ئەم گروپە ژمارەیان ١٠٥ ئەکتەرو مۆزیک ژەن و تەکنیکارەو ڕۆژانی ٢/٢٨ و٢٠١١/٣/١ بەدووجار لەڕێگەی گەشتە هاوبەشەکانی دوکان ئێرو ئەزمرئێرەوە گەیشتنە هەردوو فرۆکەخانەی سلێمانی وهەولێرو(٥)تۆنی دیکۆرو پارتێشنەکانیشیان بەلۆریەکی بارهەڵگر لەبەردەم ماڵێ ئۆپەرای کۆڵنەوە گەیەندرایە سلێمانی.
*(ڕفاندنی کچێک لەکۆشکی میر) فریدریش یوهان گوتلیپ شتیڤانی نوسیویەتی وهونەرمەندی جیهانی ئۆڤەلاوڤن بێرگ دەریهێناوەو هەمان شاکاری مۆزیکی مۆزارت کەلە ١٧٨٢/٧/١٦ دا لەسەر شانۆی نەمساوی پێشکەشکراوە لەگەڵ جەستەو جوڵەو گێڕانەوەو گۆرانیەکانیدایە.
*لەم ئۆپەرایەدا شەش ڕۆڵی کاراکتەری سەرەکی تێدایەو ١٤ ژن و ١٢ پیاو و ٤٨ مۆزیک ژەن هاوکێشەی پێشکەشکردنی ئۆپەراکەن.
*ئۆپەرای (ڕفاندنی کچێک لەکۆشکی میر) ڕوداوی بەر لە٣٣٠/٣٤٠ ساڵ بەرلەئێستەمان بۆ دەگێڕێتەوەو لەئاوێنەی ئەمڕۆدا بەرجەستەی دەکاتو دووزەمەن بەراورد دەکات ودەیخاتەبەر حوکمی مێژوو..چیرۆکەکە باس لەچەتەکانی سەردەمی سوڵتان سەلیمی عوسمانی دەکات کاتێک کەشتیەکی دەریای ئیسپانی دەفرێنن و سێ کچ بەناوەکانی( کۆستانسەو بلوندەو بلومونتە)ی تیادەبێت و چەتەکان دەیفرۆشنەوە بەسوڵتان سەلیم ..سوڵتان سەرەڕای ئەوەی کەچەند ژنێکی هەیە لەبەر جوانی ئەوکچانە دڵی دەچێ بە کۆستانسەداو داوای لێدەکای مێردی پێ بکات بەڵام کۆستانسە ڕازی نابێت و حەزی لێناکات لەبەر ئەوەی دەستگیرانی هەیە ڕوداوەکانی بەدیلگرتن و دەستبەسەراگرتنی ئەو سێ کچە،بەو ئاقارەدا دەڕوات

دەزگیرانەکەی بلومونتە کە لەبنەماڵەیەکی ناودارو بەدەسەڵاتی ئیسپانی دەبێت و کاتی خۆی سوڵتان سەلیمیان لەئیسپانیا دەرکردووە خۆی دەگەیەنێتە کۆشکی سوڵتان سەلیم و هەوڵێکی زۆردەدات کەکۆستانسەو هاوڕێکانی ڕزگارکات دواتریش بەهەر شێوەو ڕەنگێک بێت دوای هەوڵێکی بێهودەی زۆر دەزگیرانەکەی بلومەندە ئاشکرادەبێت و پاشان لەبەردەم سوڵتان سەلیم دا بلومەندە داوا دەکات و ئامادەیی پیشان دەدات لەبەرامبەر ئازادکردنیاندا هەر ماڵو پولێکیان بوێ پێیان ببەخشن بەڵام سوڵتان سەلیم وەک لەدەقی چیرۆکی ئۆپەراکەدا هاتووە.. پێێ دەڵێ:

***رقی من بەرانبەر باوکت زۆر لەوە گەورەترە کەمن تو بکوژم یان پارەوماڵ داوابکەم، چونکە باوکت گەورەترین تاوانی لەگەل من کردووە کەمنی لەولاتەکەی خوم دەرکردووە جا باشترین وەلام بو ئەم تاوانەی باوکت لێبوردەیی و باشییە..نەک تۆڵە بەرانبەر تۆڵە کەواتە ئێوە ئازادن لەبەر ئەوەی باوەری سولتان سەلیم وابوو کە:**

**ئەوشتەی کە بەخۆشی بەدەستی نەهێنی، مەحالە بتوانی بەزۆری بەدستی بهێنی.**



* هونەرمەند ئیحسان عوسمان پاڵەوانی سەرەکی ئۆپێراکە کەڕۆڵی سوڵتان سەلیم دەبینێ دوای دانوساندنی لەگەڵ دەرهێنەری ئۆپەراکە دەگەنە بڕیارێک کەڕوداوەکان لەسەردەمی عوسمانلیەوە بگۆڕن بۆ ناوچەی کەرکوک دوای پرۆسەی ئازادی عێراق کەکۆمەڵێ چەتە سێ ئەوروپی دەفرێنن و بەپارە دەیان فرۆشن بەمیرێکی کورد میرە کوردەکەش لەبەر شۆخ و شەنگی یەکێک لە کچەکان دڵی پێیدا دەچێت و کچەش لەبەر ئەوەی دەزگیرانداره ڕازی نابێت بەڵام میرەکوردەکە دەیان پارێزێت پاش ماوەیەک و لەهەوڵێکدا کەسێکی ئینگلیز واتە دەزگیرانی ئەوکچەی کە(میر) حەزی لێکردووە بەناوی ئاوەدان کردنەوەوە ئامادەیی بۆ کاری خزمەتگوزاری ناوچەکە پیشانداوەو بەمەبەستی ڕزگارکردنی کچە خۆی لەمیر نزیک دەکاتەوە بەڵام ئاشکرا دەبێت بۆ چ مەبەستێکەو دوای ئەوەی کە(میرە)کوردەکە دەچێتەسەریان بەمیر دەڵێن بۆ ئازادکردنمان ئامادەین چەند پارەو پولت بوێ بتدەینێ،یەکێکی تریان دەڵێ هەرباش بوو ئەم میرە کوردە ئێمەی کڕی دەتوانین قسەی لەگەڵ بکەی..!ئەو ئێمەی لەماڵی خۆیدا پاراست لەبەرامبەردا میر پێیان دەڵێ ئێوە لای ئێمە دیلن! بەڵام بڕۆن من ئازادتان دەکەم ..من ئێوەم ناسیەوە ئێوە نەوەی ئەوانەن کە ئەم خاکەتان دابەشکرد کە گەڕانەوە بەگەورەکانتان بڵێن ئەوان خاکی ئێمەیان دابەشکردوو ئەوەش ئێمەین ئازادی ئێوەمان پاراست..هونەرمەند ئیحسان عوسمان سەبارەت بەدەستکاریکردنی ئەو دەقەو ڕێکەوتن لەگەڵ دەرهێنەرەکەیدا وتی..وەک پرۆژەیەک سەرەتا وا ڕێکەوتین بەڵام پاشان کەمێ دەستکاری تریان تیاکرد سەبارەت بە (دیکۆرەکەی کە کێشی پێنج تۆنە) وتی بریتیە لەخانویەکی داڕوخاو کە بەمانای عێراقی سەردەمی سەدام حسێن دێت و پاشان لە میانەی فلمێکی دیکۆمێنتاری گەلی کوردستانەوە لەسەر هەولێر کرانەوەو تەساموح و دیموکراسیەت و بنیاتنان دەبێتە هێمای عێراقی نوێ و ڕۆڵی سەرۆک مام جەلال بەپێچەوانەی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعسەوە وەک هونەرمەند ئیحسان عوسمان پێی وتین بەرجەستە دەکرێ..ئیحسان باسی لەوەکرد هی واهەیە بیست جار ئەم ئۆپەرایەی بینیوە..! و بلیتیش بۆیەک نەفەر لەوڵاتی ئەڵمانیا ٨٠ یۆرۆ بووە لە هۆڵی ماڵی ئۆپەرای کۆڵندا تەنیا لەنمایشێکدا ١٢٠ هەزار یۆرۆ داهاتی ئەم ئۆپەرایە بووە.

*ئەم ئۆپەرایە بەراوردە لەنێوان دوزەمەندا،زەمەنی غەدرو چەوساندنەوەو پاوانکردن و کۆتایی دیکتاتۆریەت،لەگەڵ زەمەنی کرانەوەو خوێندنەوە بۆ یەکتری و دیموکراسیەت. هەربۆیە لەنێوان چەتەکانی سەردەمی عوسمانی و کەرکوک وەک هێمای خاکێکی داگیرکراو و پاکتاوی نەژادی میللەتێک لەدابەشکردنی خاکەکەیی و ڕژێمی داگیرکەرو چەتەکانی دوای ڕوخاندنی سەدام حسێن و سەردەمی کرانەوەو هەنگاوەکانی دیموکراسیەت و ڕۆڵی سەرۆک مام جەلال دا ..واتەخوێندنەوەیەک بۆ مێژووی داگیرکاری و غەدری مێژوویی بەرجەستە دەکات..

لە مەشهەدێکدا کەباس لە توندو تیژی دەکات لە هۆڵەکەدا وێنەیەکی دڕاوی سەدام حسێن دەردەخات بەڵام وەک هێمای کرانەوە و تەساموح وێنەیەکی گەورەی ٧ مەتری سەرۆک مام، جەلال دەبێتە چاوی هۆڵەکە بۆ خوێندنەوەی مێژوویەک کەتەنیا ئەو شاکارانە دەرقەتی دێن کەداهێنان و خوێندنەوە بۆ مێژوو دەکەنە پێوانە لەبەرجەستەکردنی ڕاستیەکانداو خەبات وتێکۆشان بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیەت دەدەن لەیەخەی تێکۆشەرێک کە ژیانی بۆ ئاشتی و ئازادی و دیمکراسی تەرخانکردووە.بەمانایەکی تر دانپیانانە بەخەباتی میللەتێک لەپێناوی ئازادیدا..

جگەلەوەی هونەرمەندی کوردستانی ئەڵمانی جیهانی ئیحسان عوسمان پاڵەوانی ئەو شاکارە چەندین دیکۆمێنتی خستینە بەردەم بەنامەیەکیش سەبارەت بە مێژووی ئۆپەرای کۆڵن و هەماهەنگی جیهانی تیایداو ئەو هونەرمەندانەی کە لە چەندین وڵاتەوە بەشداریان تێدا کردووە بە pukmedia ی وت:

*ئوڤە لاوفنبرگ دەرهێنەری ئۆپەراکە وئیحسان ئوسمان ئەکتەری سەرەکی ئۆپەراکە دوای قسەکردن لەسەر پرۆژەکە هەردوولا ریککەوتن دەقە ئەسلیەکە لەگەل سەردەمی ئەمرۆی عراق بەتایبەتی کوردستان بگونجێنن ئەویش بەگۆرینی شوێنی روداوەکان لەئەستەنبولەوە بو کەرکوک لەچەتە عوسمانلیەکانەوە بو تیرورستە عەرەبەکانی ناو عیراقەوە لەسولتان سەلیمەوە بو میرێکی کورد لەتوندوتیژی سەدام حسێنەوە بو سەردەمی ئاوەدانکردنەوەو لێبوردەیی و دیموکراتیەتی سەروکی ئێستای عیراق سەروک مام جەلال ئەویش لەمیانی دەرکەوتنی ئەوفلیمە دیکومەنتاریەی کەلەسەر هەولێر ئامادەکرابو.

* ئەم ئۆپەرایە لە مێژوودا:



لەسەر داوای قەیسەر(جوزێف٢ ) (فولفگانگ ئەمادێیوس موزارت) موسیقای بو ئەم ئوپەرایە داناوە و(گوتلیب شتێفانی) چیروکەکەی بەشیعر نوسیوێتی و لەبەرواری ١٧٨٢/٠٧/١٦ لەسەر شانۆی (بورگ تیاتەر) بو یەکەمین جار پێشکەشکرا و بەیەکەمین ئوپەرای ئەلمانی زمان ئەژماردەکرا ؛؛ئوپێرا بەوە دەوترێ کە بە شێوەی موزیک و گورانی وتن چیروکی شانوگەریەکە پێشکەش دەکەن..ئەم شێوەیەش هەر لەسەرەتای دروست بونی دراماوە دەستی پێکردووە، بەلام نا کاملی تاکو دەلێن لەسالی ١٢٨٠بو گیرانەوەی چیروکی (ئادەم و حەوا) موزیکی بو دانانراوە بەس نەگەشتبووە ئاستی ئوپەرا،

*پاشای فەرەنسا سالی ١٥٨١ مالی بالێتی هەبون(بالێت دە کور، کومێدیا بالێت) کە دوای بوو بە مالی ئوپەرا و لەسالی ١٥٨٥ لە دوسلدورف مالێکی تایبەت بە ئوپەرا دروستکرا. ئەو شێوازە ئوپەرایەی کە ئێمە ئێستا دەیناسین مێژووی دەگەرێتەوە بو سالی ١٥٩٧ لە ئیتالیا بەناوی (لا دافنە La Dafne) کە (یاکوپو پەریJacopo Peri) موزیکی بو دانابو..بەپشت بەستن بەهەمان سەرچاوەو دیکۆمێنتەکانی هونەرمەند موحسن عوسمان.. هاوڕێی ڕۆژنامەنوسم نازم دڵبەند پێش چەند مانگێک لەسەروبەندی نمایش کردنی ئەم شاکارەدا لەکۆڵنی ئەڵمانیا ڕیپۆرتاژێکی زۆر جوانی بڵاوکردبوەوە کەمن لێرەدا نامەوێ دوبارەی هەندێک زانیاری بکەمەوە

تەنیا ئەوەنەبێ کە پێش بینینی ڕیپۆرتاژەکەو لەمیانەی پەیوەندیەکانی ڕۆژانەو ئەو زانیاریانەدا کە لە هونەرمەند ئیحسان عوسمانم وەرگرتووە دیارە بە دیکۆمێنتە ئەڵمانیەکانیشەوە. سودم لێ بینیوە..
*ئیحسان عوسمان باڵوێزی هونەری داهێنەرانەی کورد لەئۆپەرای جیهانی کۆڵن داسەبارەت بە مێژووی ئۆپێراو ئۆپێرای ئەڵمانی و هەماهەنگی و بەشداری داهێنەرانی چەندین وڵاتی جیهانی لەمیانەی نامەیەکی دیکۆمێنتی خۆیدا بۆی نوسیبووم:
*لە ئاداری ساڵی ١٨٩٨ دەستەڵاتدارانی شاری کولن لەو سەردەمەدا بریاریاندا لەم شارەدا ماڵی ئوپەرایەک دروست بکەن کەشایانی سیمای گەورەیی شاری کولن بێت... نەخشەسازی دروستکردنی لەلایەن ئەندازیاری بەناوەدەنگ (کارل موریتز) دیزاینکرا و لەنێوانی سالانی ١٩٠٠ تا ١٩٠٢ تەواوبوو گوژمەو بڕی تێچوونی ئەم پروژەیەش کەپێکهاتبوو لە پێنج نهوم کەشوێنی ١٨٠٠ کورسی تیادەبێتەوە (٣٩٠٠٠٠٠) ملیۆن مارکی رایشی تێچووە.
*ئەم ماڵی ئوپەرایە لەسەر شێوازێکی کلاسیکی لە شەقامی (هابس بورگەرینگ) دروست کرا و بەیەکێک لەمەزنترین مالی ئوپەرا لە ولاتی ئەلمانیادا دەناسرێت... لە ساڵی ١٩٠٢ بە ئوپەرای (ماموستای گورانی شاری نورنبێرگ) کە(ریتشارد ڤاگنەر) کاری ئاواز وموزیکی بو دانابوو بەفەرمی هاتە کردنەوەو چەندین ئوپەراو شانوگەری شایستەی پێشکەشکرد... تا لە رۆژی ١٩٤٤/٠٥/١٤ لەشەری جیهانی دووەمدا بەخەستی بوردومانکرا،بەڵام هەوڵەکان بەردەوام بوو تاجارێکی تر ئەم ئوپەرایە سەرلەنوێ نوژەن بکرێتەوە کەچی ئەم هەولانە بێ ئەنجام بون تالەسالی ١٩٥٧ ماڵێکی تازەی ئوپەرا بو شاری کولن دروستکراو تاکو ئێستاکەش خەلکی دەڵێن ماڵی ئوپەرای نوێ و ماڵی ئوپەرای کۆن هەرچەندە ماڵی ئوپێرای کۆن لەساڵی ١٩٥٨وە تێکدراوەو هیچ ئاسەوارێکیشی نەماوە.
*ماڵی ئوپەرای تازەش دەکەوێتە شوێنی پەرستگایەکی جولەکەکان و ماڵی شانۆی کۆنی کولن کە لەشەڕی جیهانی دووهەمدا هاتبووە وێرانکردن. دروستکرا لەسەر دەستی دیزاینەرو ئەندازیاری ئەلمانی (ڤیلهەلم ریفان) بەشێوەیێکی زۆر مودێرن و پێکهاتو لە ١٣٤٦ کورسی و لەساڵی ١٩٥٧ بەئامادەبونی راوێژکاری ئەلمانی ئەو سەردەم (کونراد ئەدناوەر) کرایەوەو رۆژنامەنوسان لەراپورتەکانی خویاندا لەکاتی رێوڕەسمی کردنەوەکەدا بەجوانترین مالی ئوپەرای ئەلمانی لەو سەردەمیدا وەسفیان کرد.
*ئەم مالی ئوپەرایە تاکو ئێستاکەش بەیەکێک لەگرنگترین ماڵی ئوپەرای جیهانی ناوزەد دەکرێت و سالانە کومەلەکارێکی ئوپەرای جیهانی لێ پێشکەش دەکرێت.
(ئوڤە لاوفنبرگ) بەرێوبەری ئوپەرای کولن رایگەیاند کە ئەم ماڵە نێزیکەی ١٣٠٠ کەس کاری تیادەکات و بودجەی ساڵانەشی نێزیکەی ٤٠ ملیون یورویە جگە لە پارەی فروشتنی پلێت و بەم پارانەش ساڵانە ١٠هەتا ١٥ ئوپەرا دیتە پێشکێشکردن.
*ئوپەرای (رفاندنی کچەکەی کوشک) کە موزیکژەنی گەورە (موزارت) کاری ئاوازو موزیکی بو داناوەو (یوهان گوتلیب شتێفانی) نۆسیویەتی.
دەرهێنانی: ئوڤە لاوفن برگ
بەرێوبەری مۆزیک: کونراد یونگهێل
دیکورساز: ماتیاس شالەر
جل و بەرگ: ئەنتیا شتێرنبرگ
روناکی: ئەندریاس فرانگ
سەرپەرشتیاری کورڵ: ئەندرە ئولیڤانت
نواندن و چرینی گورانیەکان هونەرمەندان:
کارێکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| پاشا سەلیم | ئیحسان ئوسمان لەوڵاتی کوردستان/ئەلمانیا |
| کونستانسا | سوزانە ئەلمارک لەولاتی دانیمارک |
| بێلمونتەمارکو یەنێتش | لەولاتی ئەلمانیا |
| مارک میلهوفەر | لەولاتی ئینگلتەرا |
| بلوندە ڤەلما رێبێکا باب | لەولاتی ئەمریکا |
| چیلا گزیوڤاری | لەولاتی هنگاریا |

پەدریللو                جون هویتسنرودەر لەولاتی ئوسترالیا
ئوسمانڤولف فردریش     لەولاتی ئەلمانیا
دەنیز ڤیلگنهوف          لەولاتی هولەندا
*موزیک:
تیپی ئورگسترای کولن گەبریتین لە ١٢٠ مۆزیگژەن
*کوراڵ:
تیپی کوراڵی ماڵی ئوپەرای کولن کە پێکهاتون لەنزیکەی ٥٠ ئەندام
(پرێمیرە) ڕۆژی یەکەمی نیمایشی ئوپەرایەکە بوولە ٢٠١٠/١١/٢٦ دەستی پێکردو تا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢٦ خایاند.
*ئۆپەراکە لەو ڕۆژەدا کەنمایش کرا بووە جیی سەرسوڕمان و تێرامان .. چاوی میدیاکانی ئەڵمانیا بەبایەخێکی یەکجار زۆرەوە لەدەرگای مێژوویەکی بەراوردکاریەوە لەسەر پرسی داهێنان لە بەرجەستەکردنی ڕوداوە مێژوویەکاندا هەڵوەستەیانکردو بە شاکارێکی هونەری بەرزیان لەسەر ئاستی نەک ئەڵمانیا بەڵکو جیهان ناوزەدکرد..لەگەڵ تەواوبوونی نمایشەکەدا کۆنفرەنسێکی رۆژنامەنوسییان گرتو هەڤاڵ بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کەلەو کۆنفرەنسەدا ئامادەبوو سوپاسو پێزانینی گەلەکەمانی گەیاندە داهێنەرانی ئۆپەراکە.
*پێشکەشکردنی ئەم ئۆپەرایە لەشارێکی وەک سلێمانیدا خویندنەوەیەکی جیهانیە بۆ پێگەی هونەرو ڕۆشنبیری ئەو شارە هەمانکات شانازیەکی گەورەیە بۆ سلێمانی و ڕەنگدانەوەی باشیشی بەستراوە بەجۆری پێشوازی و خوێندنەوە بۆ ئەو هونەرمەندە بەرزانە  کە لەئاستێکی جیهانیدا پرسی کورد لە داهێنانەکانیاندا ڕەنگ ئەداتەوە..یەکێک،لەخەسڵەتەکانو سیماو دەنگو ڕەنگی ڕەوەندی کوردی کە گەر لەنێو هەزارانیشدا بێت دەنگو پێگەو قورسایی هونەرمەندێکی وەک ئیحسان عوسمان بەسە بۆئەوەی باڵوێزی تواناکان و خەمی میللەتەکەی بێت و بەشانازی بگەڕێتەوە کاتێ لەپانتایی شاکارێکی جیهانیدا کەلێوان لێوە لەداهێنان جێی خۆی بەسودو قازانجی میللەتەکەی بکاتەوە..ئیحسان عوسمانی هونەرمەند کلیلی کردنەوەی دەرگای نمایشێکی جیهانیە لەپایەتەختی ڕۆشنبیری کوردستان دامتمانەی داهێنان و هوشیاری و ئینتمای نەتەوەیی ئەو وایکرد کەئۆپەرای کۆڵن خوێندنەوە بۆ دابەشبوونی کوردستان بکەن و لەتەرازووی بەراوردکاری زەمەنە مێژووییەکاندا تای تەرازوو بەقازانجی بیری کرانەوەو ڕێزگرتن لەبەرامبەرو بەخشندەیی و لێبووردەیی و دیموکراسی کورد ببینن.



* هونەرمەند ئیحسان عوسمان شایستەی ئەوەیە لەکوردستان خەڵاتی ساڵی هونەرمەندو داهێنەرو خەمخۆری هونەری گەلەکەی پێ بدرێ لەکاتێکدا کە دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی و سایتەو ڕۆژنامە بەمانشێت لە لاپەڕەی یەکەمدا لەسەر تواناو بەهرەو جوڵەو جەستەی ئەم هونەرمەندە  دەنوسن.. نوسەرو ڕۆژنامەنوس سالمی جاسم لەسەر پرسی بەجیهانی بوونی ئەم هونەرمەندە نوسیویەتی ئیحسان یەکەم هونەرمەندی کوردە کە کاری ئۆپەرای کردووە جگەلەوە  لەگەڵ د.هەیسەم عبدالرەزاق و د.ئقبال نعیم و ڕیکاردۆس یوسف وکەڤاڵ سدقی وئەحمەد سالار کارو هاوکریان لەگەڵ کردووە.
*لەئۆپەرای(مەگلۆناجان)نوسینی لودڤیگ تێلاو کەبرامسن مۆزیکی بۆ کردووە و کردویەتیە ئۆپەرای مەم وزین لەگەڵ دوهونەرمەند لەسەر ئاستی جیهانی(دێڤید تیم)بەڕێوەبەری ئەکادیمیای لایبزیک لەسەر

ئاستی ئەڵمانیاو ئەروپاو گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئۆپرالی(ماتیاس فریدریش)کە پێگەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی ئەروپادا هەیە لەگەڵ ١٣ سەماکەر و چەند هونەرمەندێک لەکوردستان لەشاری هەولێر پێشکەشکرد.
*سالمی جاسم لەبەردەوامی هەڵسەنگاندنەکەیدا بۆ ئیحسان عوسمان دەڵێ:
*ڕۆژنامەکان کاتێ لەسەر ماڵی شانۆی هانس ئۆتۆتیاتەر بەتایبەتی ڕۆژنامە ئەڵمانیەکان بەمانشێت لەلاپەڕەی یەکەمدا دەری بخەن و ڕاگەیاندنەکانی ئەڵمانیا بەبایەخەوە لەسەری بنوسن دەزگاو کەناڵە ڕۆژنامەنوسیە جیاجیاکان لەسەر تواناو داهێنانی بنوسن بۆ مانای بەجیهانی بوونی هونەرمەند ئیحسان ئەسەلمێنێ!؟
* سالمی جاسم تیشکی دەخاتەسەر سەر چەند بەرهەمێکی تری هونەرمەند ئیحسان عوسمان لەوانە شانۆیی سەعات ٤٨،٤ ساراکێن بەتاوانی کوشتنی جوهیا و تۆپ بارانکردنی عەرەبی فەلەستینی و جینۆسایدی کورد لەیەک ساتدا دەبینێ..!
*لەشانۆیی ساڵیادی جۆرج تابوردا جینۆسایدی جولەکەو کورد لەیەک سات دا دەبینێ.
*لە چاوەڕوانی باراندا کە لەچاوەڕوانی گۆدۆی سامۆئیل بێکێتەوە وەرگیراوە ئیحسان کێشەی گەلەکەی دەخاتە تەرازووی ڕزگاربوونی عێراقەوە کەبووە مشتومڕی میدیاکانی ئەڵمانیا.
*هونەرمەند ئیحسان دەزگای ئاڵوگۆڕی کلتوری لەنێوان ئەڵمانیاو عێراقدا دامەزراندووەو کەسێکی چالاکوانی بواری ڕۆشنبیریەو جگە لەبەرهەم و بەشداری و نمایشەکانی خۆی ساڵانە چەندین گروپی هونەری شانۆیی و مۆزیکی کوردی بانگهێشتی ئەڵمانیاکردوەوەو زەمینەی کارو چالاکی بۆ خۆشکردوون.
* هونەرمەند ئیحسان عوسمان سەبارەت بە ماوەی نمایشکردنی ئەم شاکارە ئۆپەریە بە pukmedia ی وت: شاری ئەشافنبۆرگ بۆ نۆڤەمبەرو دیسەمبەری ٢٠١١ کرێویانە.
*مانگی ئەپرلی ٢٠١٢ شاری میونخ کرێویەتی.
*لەمانگەگەکانی فێبریوەرو مارسی ٢٠١٢ دا هەر لە کۆڵن نمایش دەکرێ.
*وتیشی بۆندی هەر کاراکتەرێک لە١٠٠هەزار یۆرۆ کەمتر نیە.



*پرۆژەی گواستنەوەو بەراوردکاری نێوان دوزەمەنی مێژوویی لەنێوان چەتەگەری و پاونخوازی و زەوتکردنی مافەکان و زەمەنی کرانەوەو دیمەکراسیدا کە ناوەڕۆکی ئەو شاکارەیەو گواستنەوەی بۆ پانتایی ئازارە دابەشکراوەکان..بووە خەمی گەورەی ئۆپەرای کۆڵن..ئیحسان عوسمان پردو ڕایەڵەی بەیەکەوە بەستنەوەی ئەوبەرهەمەبوو بە کوردستانەوە..لەماوەی ڕابردوداو بۆ ئامادەباشی ئەم نمایشە لەکوردستان کەڕۆژی شەممەو یەک شەمەی سەرەتای ئەم مانگە پێشکەش دەکرێ شاندێکی ئەم ئۆپەرایە ڕویانکردە سلێمانی ولە گەڕانەوەیاندا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا لەشاری کۆڵن پێش چەند ڕۆژێک بەئامادبوونی پارێزگاری کۆڵن و بەرپرسی ئۆپەرای کۆڵن و هونەرمەند ئیحسان عوسمان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیان سازکردو ئاکامی سەفەرەکەیان بۆ کوردستان بەوە وەسفکرد کە کرد کەسلێمانی لە کۆڵن باشترە لە ڕووی ئەمنیەتەوە.. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەدا هاتووە کە:
* هەڕەشەی مەرگ ئاریشەی نمایشێکی سیاسی سەردەمانەیە کە ئۆپەرای کۆڵن دەیەوێت لە عێراق نمایشی بکات ئەمە ئەو پیاوەیە کەکۆنتاکتەکەی دروستکردووە (ئیحسان عوسمان)ئاریشەی فڕاندن لەسەرای سوڵتان باس لەدیکتاتۆر دەکات کە سێ کەسی ئەورووپی ڕفێنراو دەکەوێتە لای.

*نمایشکردنەکە لە تەلاری هونەر دەکریت،کە زۆر تازە دروستکراوە وتەواو بووە لە شاری سلێمانی باکوری عێراق کەنزیکەی ملیۆنێک خەڵکی تێدا دەژی ،دووکاراکتەری ئۆپێراکە پێشتر چوون بۆ سەیری شارەکەو زۆر سەیریان لێهات وکارێکی چاوەڕوان نەکراو تێگەیشتنێکی کتوپڕ بوو بۆمان لەو بڕوایەدا بووم کەدەچین شارێک یان وڵاتێکی کاول بوو دەبینین،کە بەبۆردوومان وێران بووبێت و خەریکی دروستکردنەوەی بن و کەلەوێ ژنان بە پەچەوە هاتوچۆدەکەن،وام دەزانی شانۆیەک دەبینم بریتی دەبێ لە تێکەڵوپێکەڵی و خانویەکی ناشیرین..بەڵام لەڕاستیدا وانەبوو..ژنان زۆربەی بەبێ موحەجەبەیی دەسوڕانەوە وەک مانای تەواو هەستت بەیەکسانی ژن وپیاو دەکرد،یاخود هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەو یەکسانی بوونە،شارەکە سەرگەرم وخەریکی ئاوەدانکردنەوەیەو دەتوانرێ بوترێت (دوبەی)ساڵی ١٩٩٠ وایە.وە ئەمە یەکەمین جاریشە ئۆپێرا لە عێراق نمایش دەکرێ تەنانەت هەندێک لە مەشهەدەکان بەزمانی کوردی دەوترێت که پیشاندانی سێ گفتوگۆی تێدایە.
* کێشمە کێشەکان لەکوێدان چەوسانەوەکان لەکوێدان و وێنەی ژنان چۆن دەبێت،بەدڵنیایەوە ئەم پارچە ئۆپێرایەی کە بەمۆزیکی رەسەنی مۆزارت جوانکراوەو ولەناخی گیاندا قوڵدەکرێتەوە کە ئەمەش بۆ ئیستا هەر زۆر باوی ماوەو لەو بڕوایەدام گەر کلتوری خۆمان بە کلتوری شوێنێکی تر پەیوەست بکەین و بەیەکەوە پێشکەشی بکەین تەنها لەوە زیاتر نابێت کەدەبێتە هۆکاری وروژاندن.بەڵام ئەمە نمایشێکی گران دەبێت چونکە سەد کەس لەکارمەندانی ئۆپێرای کۆیڵن بۆ سلێمانی بچن،لەداهاتوشدا دەبێت زۆر لە کەل وپەل و دیکۆر بۆ ئەوێ ببرێت.
*سەبارەت بەڕەوشی ئاسایش لە کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەی کۆڵندا پێش ئەوەی بەڕێ بکەون بۆ سلێمانی وتیان:

وەک ئەو زانیاریانەی کەلە پرۆژەکەی کۆیڵن و لەڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا وەریان گرتووە ،ناتوانرێت سلێمانی وەک شارە پڕلەکێشەکانی وەک بەغدادو شارەکانی تری عێراق بژمێررێت وەک ئەو دوکارمەندەی ئۆپێراکە وتیان کەپێشتر لە سلێمانی بوون.

*کاتێ کە دێیتە ناو تەلارەکەوە لەوێ خەڵکی چەکداری لێیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ..ئاسایش و خەڵک ئەوانە مامەڵەیان زۆر زۆر هاوڕێیانە بوو،من ترسم نەبوو لەو ناوەدا زۆرزۆر بسوڕێمەوە تەنانەت بە تەنهایش لەناوشاردا بسوڕێمەوەو بەتەنهاش لەناو شاردا دەگەڕاین وە هەستێکی خۆشم هەبوو،بەڵام دیارە وەک هەموو شارێکی تری گەورە ئەو تێگەیشتوویەی کە ئەمڕۆ بۆ پاراستنی خۆی هەیەتی دەبێت پابەندی بێت. لە کۆنگرەکەدا قسە لەسەر ئەوەدەکەن کە ئەمنیەتی سلێمانی باشترە لە ئەمنیەتی کۆڵن و نوێنەری بەشداربووی ئۆپەرای کۆڵن کە پێشتر بۆ ئەو مەبەستە سەردانی سلێمانی کردبوو ڕایگەیاند کە ئەوان ئەوەندەی موحەجەبەیان لە کۆڵن هەیە لەسلێمانی نەیان دیوە.
*هەر لەو کۆنگرەیەدا پارێزگاری کۆڵن وێڕای ستایشی سەرۆک مام جەلال ئامادەیشی پیشاندا کە کۆڵن و سلێمانی بکەنە دەستەخوشکی یەکتری بەوپێیەی کە کۆڵن پایتەختی ڕۆشنبیری ئەڵمانیایە.
* پێشوازی بەرپرسان و هاوکاری و پشتگیری و هەردو کۆمپانیای دوکان ئێر بۆ گەشتی ئاسمانی و ئەزمڕ ئێرفاکتەری گرنگی ئەو کەرنەڤاڵە جیهانیەی ئۆپەرای بەناوبانگی ئەڵمانیایە کەماوەی یەک مانگ بەردوەوام لەسەر خەت بوون لەگەڵیانو هەموو پێداویستیەکانی سەفەرکردنیان بۆ دابینکردن چ لەئەڵمانیاو چ لەسلێمانی..ئەم ئۆپەرایە لەشاری کۆڵنەوە دواتر لەمیونشنەوە بەیاوەری چەندین کەناڵی ڕاگەیاندن گەیشتنە شارو بووە پەیامی هونەرو داهێنان و خۆشەویستی بۆ شارێک کەدەیانەوێ بیکەنە دەستەخوشکی پایتەختی ڕۆشنبیری ئەڵمانیا.

*فۆتۆ..لە هونەرمەند ئیحسان عوسمانەوە.